

## PMPیەکی جوان و سەرنج راکێش

بەرهەمێکی نوێ لە جۆرەکانی ئامێری MP3player هاتە بەرهەم کە بە PMP مۆدێل M30 ناساراوە. ئەو ئامێرە بە رواڵەت سادەیە زۆر جوان و سەرنج راکێشە. رووکەشەکەی لە جۆری پلاستیکە و دوگمەکانی لەمسین. دوو جۆری هەیە 2 گیگابایتی و 4 گیگایی. توانای بڵاوکردنەوەی فایلەکانی جۆری AVI،PMP،RMVB،MP3،JPEG،GIF هەیە. جگە لەوەش توانای بڵاوکردنەوەی پرۆگرامەکانی رادیۆ وتۆمارکردنی پرۆگرامەکانی هەیە. شاشەی ئەم ئامێرە لە جۆری AMOLEDیە و قەوارەکەی 8/2 ئینجییە. ئامێری ناوبراو خاوەنی سیستەمی USB یە بۆ راگواستنی زانیاری و پەیوەندی راستەوخۆ بە کۆمپیوتەر هەیە.

## چاودێری spectorpro لەسەر کۆمپیوتەرەکەت دابنێ







پرۆگرامی SPector Pro یەکێك لە باشترین ئەو پرۆگرامانەیە کە بۆ تۆمارکردنی گشت ئەرکەکانی پەیوەندیدار بە چالاکی سەر کۆمپیوتەر و ئەنتەرنێت سوودی لێوەردەگیرێ.
روونکردنەوەی پتر، بۆ نموونە ئێوە کۆمپیوتەرتان لە ماڵەوە یان لە شوێنی کارتان جێهێشتووە، بەڵام کەسانێك دوای رۆیشتنی تۆ کۆمپیوتەر دەکەنەوە و دەستکاری بەشەکانی دەکەن، یان فایلە تایبەتییەکانت دەکەنەوە، بەڵام پرۆگرامی Spector Pro هەموو ئەو کارانەی لەسەر کۆمپیوتەر ئەنجام دراون بە وردەکارییەوە خەزن دەکات، بۆ نموونە: دەقەکانی چات کردن، دەقی پەیامەکان، ئیمێلەکان، کردنەوەی سایتەکان. بەدواداگەڕانەکان لە ئەنتەرنێتدا، ئەو وێنانەی بەرێ کراون. ئەو وێنانەی دیتراون. ئەو دوگمانەی لەکاتی تایب کردندا داگیراون، ئەو پرۆگرامانەی کراونەتەوە. بە کورتی سیخوڕییەکی بەتەواو مانایە.
دەکرێ ئەو پرۆگرامە بی شاریەوە و کەسێك پێی نەزانێ. ئەو پرۆگرامە لەسەر زۆربەی سیستەمەکان دەگونجێ.

## بچووکترین MP3 Player



جیهان لە هیچ شتێکدا بەرەو بچووك بوونەوە نەچێت، لەئامێرەکانی تەکنەلۆژیادا ئەم شتەی بەخۆوە بینیوە، سەردەمێك تەلەڤزیۆنەکان لادیوارێکیان لەماڵدا دەگرت، رادیۆکان ئەوەندە گەورە بوون کە بە منداڵێك هەڵنەدەگیران، ئێستا جیهان بەرەو بچووك بوونەوە دەچێت، ئامێری MP3 player کە بە قەبارەی خۆشی هەر ئامێرێکی بچووك بوو، ئێستا زۆر زۆر بچووك بۆتەوە، هەروەك



لەو وێنەیەدا دەیبینن کە لەنێوان دوو پەنجەدا جێگای دەبێتەوە. توانای خەزنکردنی ئەو ئامێرە 2 گیگابایتە. نزیکەی 200 کاتژمێر مۆسیقا لەخۆیدا خەزن دە کات.
دەتوانین بڵێین گشت فۆرماتەکانی دەنگ بڵاودەکاتەوە، جگە لەوەش حەوت حاڵەتی بڵاوکردنەوەی هەیە، خاوەنی رادیۆیە و توانای تۆمارکردنی دەنگیشی هەیە. لەتەکنەلۆژیای USB بۆ پەیوەندی دامەزراندن سوود وەردەگرێ.



# مۆبایلی هایدرۆجینی

لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا، مۆبایل وەك ئامێری دانەبڕاو لە ژیانی مرۆڤ هاتە ژمار، ئێستا هەروەك دەبینن ئەو ئامێرە لە چوارچێوەی ئامێرێکی گەیاندن سەیر ناکرێ، بگرە وەك کامێرا، تەلەڤزیۆن، رادیۆ، کۆمپیوتەر...هتد. دێتە ژمار. ئەو گۆڕانکارییانەی لە تەکنەلۆژیای مۆبایلدا سەرهەڵدەدەن، زۆر خێران، ئەوەی ئەمڕۆ دەیبینی، سبەی کۆن دەبێت.

بە زۆری مۆبایل وزەکەی خۆی لە باترییەك وەردەگرێ کە بە کارەبا شەحن دەبێتەوە، لەم دواییانەدا پسپۆڕانی ئەم بوارە هەوڵیانداوە جێگرەوەیەك بۆ وزەی کارەبا بەکار بێنن، وەك وزەی خۆر، وزەی با.. لە دوایین هەوڵدانیشدا کۆمپانیای مۆتۆرۆلا هاندێکی هێناوەتە بەرهەم کە بە وزەی هایدرۆجین کار دەکات و لەگەڵ پاراستنی ژینگە دەگونجێ. ئەم هاندە نوێیەی مۆتۆرلا کە سەر بە زنجیرە بەرهەمەکانی Moto SLVRی ئەو کۆمپانیایە، بەناوی L7 دەکەوێتە بازاڕ. شایانی ئاماژە پێدانە ئەو هاندە وزەکەی خۆی لە پارچەیەکی دیجیتالی کە بە سووتەمەنی هایدرۆجینی کار دەکات وەردەگرێ.

## دوو ئامێری تەکنەلۆژیای سەرنج راکێش

**چوارچێوەی وێنە کە خۆی وێنە دەگرێ**

Telemania ناوی ئەو چوارچێوەی وێنە دیجیتالییەیە کە بە داگرتنی دوگمەیەك وێنەیەك بە قەوارەی ٦×٤ ئینجی دەگرێ. جگە لەوەش توانای نیشاندانی وێنەکەی بە دوو جۆری ئاسۆیی و ستوونی هەیە.



**شەحنکەرەوەیەکی مۆبایل**

ئەمەش جۆرێکی ترە لە شەحنکەرەوەی مۆبایلی مۆتۆرلا کە هیچ وایەرێکی پەیوەندی نێوان مۆبایل و شەحنکەرەوە نییە.




# مۆبایلی بێ شاشە!



ئەو مۆبایلەی دەیبینن هیچ شاشەیەکی نییە، بگرە لە سەدان دەیڤیدی تیشکی (LED) پێکهاتووە و شوێنی شاشەی گرتۆتەوە. دەیڤید ئەو گلۆپە بچووکانەن کە ئێستا لە لایت شەحنەکان دا دەبیندرێن، هەروەها لە هەندێك تابلۆی ئەلکترۆنیشدا هەن. ئەو گلۆپانە ئەرکی شاشە بەڕێوە دەبەن. بۆ نموونە کاتێك کە یەکێك پەیوەندیت پێوە دەگرێت، ژمارەکەی لە هەڵبوونی گلۆپەکاندا دەبیندرێ. هەروەها هەر ئەرکێکی دیکە بەهۆی ئەو گلۆپانەیە، تەنانەت گەمەکانیش. جیاوازییەکی بەرچاوی ئەم مۆبایلە لەگەڵ مۆبایلەکانی دیکە لەوەدایە کە لە دوو باتری بچووکی کۆنترۆڵ سوود وەردەگرێ کە لە ڕێگای USBیەوە شەحن دەبێتەوە.






# لە بارەی ویندۆز ڤیستاوە ئەمانە بزانە

لەسەر دیسکتۆپی ویندۆز ڤیستا ڕێژیەکی بەرچاو لە فرمانی نوێ پێکهاتوون و شوێنی زۆر لە فرمانەکانیش گۆڕانیان بەسەرداهاتووە. لێرەدا چەند خاڵێك بۆ هاوڕێك بوونی ڤیستا لەگەڵ سیستەمەکانی بەری باس دەکەین.

• شوێن گۆڕی فۆلدەرە ستانداردەکان

هەروەك دەبینین فۆلدەرە ستانداردەکانی (مۆسیقی، وێنە، دیکۆمێنت) لە ویندۆز ڤیستادا چوونەتە بەشی User Accounts، ئەم گۆڕانکارییە بۆ ئەو کەسانەی کە لەسەر سیستەمە کۆنەکانی کاریان کردووە نامۆیە. بەڵام خاڵی ئیجابی لە ڤیستا ئەوەیە بە ئاسانی دەکرێ کارێك بکرێ تاکو فرمانەکانی دیکەش قبوڵ بکات. بۆ ئەم مەبەستە دوگمەی ڕاستی ماوس دادەگری. پاشان لە فرمانی Proper-ties هەڵدەبژێری و سەر لەبەشی Target دەدەی. پاشان فرمانی Move دیاری دەکەی.



• گرفتی پرۆگرامەکان لە ڤیستادا:

گرفت و کێشە سەبارەت بە هەندێك پرۆگرام لە ڤیستادا هەیە، بەڵام ڕێگا چارەش هەیە. ئەویش هەر لە خودی ڤیستادا کۆمەڵێك ئامرازی بە سوود هەن کە بەهۆی ئەوانەوە گرنگترین بەشەکانی پرۆگرامە گرفتدارەکان دەردەخات. ئەگەر بەشی Perfmon.msc بکەیەوە لەو بەشەدا فرمانەکانی پەیوەندیدار بە چاودێری نەرمەئامراز دەبینی. ئەو هێڵانەی بە ڕەنگی سوور دەنووسرێن نیشان دەدەن کە گرفتیان هەیە.

• Gedgestکانی گوگل

لە سەر دیسکتۆپدا گەرچی ڕێژەی پرۆگرامە بچووکە بە سوودەکان لە سەر دیسکتۆپی ڤیستا لەسەرخۆ دەگۆڕدرێن، بەڵام بەباشی کار دەکەن. بەهۆی ئامرازی Am-nesty لە دەکرێ پرۆگرامی پەیوەند بە گوگڵ زیاد بکرێ.

• خێراکردنی درایڤەکان


ڤیستا هەندێك فرمانی هەن، کە دەکرێ بەهۆی ئەوانەوە خێرایی درایڤەکان بەریە سەرێ، هەرچەندە بردنە سەری خێرایی درایڤەکان گرفتی زۆر هەیە. ئەگەر ئێوە لە بەشی Comuter-man-agement فرمانی پەیوەندار بە درایڤەکان درایڤێك هەڵبژێری و لە بەشی Properties سەر لە فرمانی Policies بدەی، فرمانی تایبەت بە ئەکتیڤ کردنی توانای درایڤەکان دەبینی، بەڵام ئەگەر کارەبا بڕوات یان کۆمپیوتەر ریستارت بێتەوە، سەرلەنوێ دەگەڕێتەوە شوێنی خۆی، چونکە لەو کاتەدا لە ڕام سوود وەردەگرێ.

• نیشاندانی ئایکۆنەکان

ئێوە دەتوانن ئایکۆنەکانی سەر دیسکتۆپ بە پێی ویستی خۆتان بچوك و گەورە بکەن، هەروەك ویندۆزەکانی پێشو سەرەتا دوگمەی ڕاستی ماوس دادگری. پاشان فرمانی View دیاری دەکەی. بەڵام تەنیا سێ جۆری هەڵبژاردنی هەیە، گەورە و ئاسایی و کلاسیك. فرمانەکانی وەك: لیست، ئایکۆنی بچووك، زانیاری تر نابیندرێ، بەڵام ئەگەر لەهەر فۆلدرێکدا دوگمەی Ctrl دابگری و دوگمەی ناوەندی ماوسەکە بجولێنی، توانای زیاتر دەبینی.

## چۆنییەتی سڕینەوەی ڤایرۆسەکان لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە

ڤایرۆس ئەو بەلایەی گیانی کۆمپیوتەری تەنیوەتەوە و بۆتە گرفتێکی سەرەکی بۆ ئەوانەی کار لەسەر کۆمپیوتەر دەکەن. بە زۆری بەکارهێنەرانی کۆمپیوتەر بۆ لابردنی ڤایرۆس ئەنتی ڤایرۆس




دادەبەزێننە سەر کۆمپیوتەر، ئەنتی ڤایرۆسیش خۆی کەم بێ دەردەسەری نییە، یەکێك لە گرفتەکانی ئەنتی ڤایرۆس ئەوەیە کە قەوارەکەی زۆر لەسەرێیە و سیستەم داگیر دەکات، یان پێویستی بە کڕاك و بەردەوام نوێ کردنەوە هەیە. بەڵام ڕێگای زۆر باشتر لەوە هەیە، کە هەم سیستەمەکەت بە ئەنتی ڤایرۆس داگیر ناکرێ و هەم زۆر سەرکەوتووترە لە ئەنتی ڤایرۆس، ئەویش سوود وەرگرتن لە ئەنتی ڤایرۆسی ئۆنلاینی ئەنتەرنێتە. بە زۆریش بێ بەرامبەرە و هیچ خەرجییەکی ناوێ.

لێرەدا لیستێك لەو سایتانە دێنین کە ئەم خزمەتگوزارییەیان هەیە.

Symantec Security Check
McAfee FreeScan
Panda ActiveScan
Kaspersky lab
Bitdefender
RAV
kamyabonline
Trend Micro
SYGATE
AuditMyPc
!!Shields UP
VIRUS SCANNERS ON-LINE
Free Antivirus Removal Tools

# ناساندنی پرۆگرامی Golden Records Vinyl to CD Converter




گەڵێك جاران ئەوەت بۆ هاتۆتە پێش کە کاسێتە کۆنەکانی خۆتان بیبخەنە سەر CD. بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە پێویستیان بە کۆمپیوتەرێك و هەروەها ریکۆردەرێکە کە وایەری بەرێ کردنی دەنگی لەگەڵ بێت، وایەری پەیوەندی بە کۆمپیوتەر، کە ئێستاکە لە هەموو شوێنێك وەگیر دەکەوێت. بۆ وەرگرتنی دەنگ لە کاسێتەکە پرۆگرامێکی زۆر هەن، چونکە بەهۆی ئەوەی کە کاسێتەکان کۆنن، دەنگەکانیان تێچکووە، پێویستە سەرلەنوێ زیندوویان بکەنەوە، هەروەها لەکاتی راگواستنی بۆ سەر کۆمپیوتەر جارێکی دیکە دیقەی دەنگەکەی دادەبەزێت. لێرەدا پرۆگرامێك دەناسێنن کە راستەوخۆ بۆ سەر دەنگەکە CDدەگوازێتەوە. پرۆگرامی Golden Records ئەو توانایەی هەیە کە بەشێوەیەکی راستەوخۆ لە ریکۆردەرەکە دەنگ وەربگرێ و لەسەر CD بەبێ هیچ تێکچوونێك خەزنی بکات. ئەو پرۆگرامە بەهۆی چەند فرمانێك بە ئاسانی ئەم ئەرکە جێبەجێ دەکات.

لە تایبەتمەندییەکانی ئەو پرۆگرامە دەکرێ ئاماژە بەوانە بکرێ:

- هێنانی دەنگ لە کاسێت بە شێوەی راستەوخۆ بە فۆرماتەکانی WAV و MP3 یان راستەوخۆ کۆپی کردن لەسەر CD.
- بوونی چەند فرمانێك بۆ ئاسانکاری لە جێبەجێکردندا.
- کۆمەڵە فەرمانێك بۆ رێکخستن و دەستکاری باشتر کردنی دەنگ.
- سرینەوەی ئۆتۆماتیکی دەنگە زیادییەکان لەسەر دەنگی ئەسڵی.



# چۆن فایلە دەنگییەکان بە فایلی MP3 دەگۆڕی لە میدیا پلەیردا




پاش دانانی CDیەکی موسیقی، لە پەنجەرەیەکدا کە خۆی ئۆتۆماتیکی دەبێتەوە، فرمانی Copy music from CD یا کردنەوەی پرۆگرامی میدیا پلەیر و هەڵبژاردنی فرمانی Copy From CD لە مینوی لای میدیا پلەیر (Menu bar)

هەڵبژاردنی ئەو فایلانەی کە دەتەوێ ببن بە فایلی MP3 بە دیاریکردنیان.

هەڵبژاردنی فرمانی Copy mosic کە لە بەشی سەرەوەی Captionی میدیا پلەیر دایە.

هەڵبژاردنی فرمانەکانی 2 و 3 بە دوای یەکدا، پاشان Next کردن و لە خوارەوەدا فۆرماتی دەرخستن (چۆنییەتی زیادکردنی دیقەی فایلەکانی CD) و فرمانی Finish کلیك بکە و تاکو کاری کۆپی کردن و گۆڕینی بە فۆرماتی MP3 دەست پێبکات.